# کێشەکانی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت لەکۆمەڵگەدا
# توێژینەوەیەکی چۆنایەتیە لە پارێزگای هەڵەبجە

دکتۆر ئارام ئەسعەد عبدالرحیم

aramasaad_87@yahoo.com

یەکەی سەرپەرشتیاری ،بەڕێوەبەرایەتی پەروردەی هەڵەبجەی شەهید، وەزارتی پەرورده ، هەڵەبجە، عێراق

سارا عطا فایق

sara.atta2211@gmail.com

بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەڵەبجە، وەزاەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، هەڵەبجە، عێراق

هیوا صلاح الدین

hiwasalahadin16@gmail.com

بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەڵەبجە، وەزاەتی کاروباری کۆمەڵایەتی، هەڵەبجە، عێراق

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١

ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٩/١١

پوختە

کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەهەموو ڕەهەندەکانی ژیان لەسەرەتای لەدایکبوونەوە ڕووبەڕووی چەندین کێشەی جۆراوجۆر دەبنەوە ئەویش بە پێی سروشتی کۆمەڵگاکەو ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانی گۆڕانی بەسەردا دێت، لە هەرێمی کوردستانیشدا بە ڕێژەی جیاواز ئەم کێشە و گیروگرفتانە ڕووبەڕووی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێتەوە.

جۆری توێژینەوەکە لەجۆری وەسفی شیکاریی چۆنایەتیە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری شێوازی چاوپێکەوتن بەکارهاتووە، چاوپێکەوتن لەگەڵ (10) خاوەن پێداویستی تایبەتی ڕەگەزی مێینە ئەنجامدراوە بەشێوەی ناهەرەمەکی مەبەستدار وەرگیراون، بۆلێکدانەوەوشیکردنەوەی داتاکان شیکاری ناوەڕۆکی لەچاوپێکەوتنەکاندا بەکارهێنراوە. لەئەنجامدا بەم دەرئەنجامانەگەیشتین، کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕووبەڕووی چەندین گرفت و ئاستەنگ دەبنەوە کەهەندێکیان سروشتین و هەندێکی دیکەیان بەهۆی دوواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ناهۆشیاری کۆمەڵگا بە گشتی و ناشارەزایی لە شێوازی مامەڵەکردندا وەکو جۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان توانج و ڕەخنەی دەوروبەر، دروستکردنی پەیوەندی هاوسەرگیری و ڕەخنەو پەراوێزخستن وجیاکاری کردن لە ژیانی ڕۆژانەیان و بەهەند وەرنەگرتنی توانا کەسی و بەهرەکانیان، لە رووی دەروونییەوە بوونی سترێس هەڵچوون و توڕەی و هەندێك جار خەمۆکی و هەندێك جار بەهۆی کاریگەری کەسانی دەوروبەرەوە تووشی ترس و دڵەڕاوکێ و کەمبوونەوەی متمانەبەخۆبوون دەبن لە کۆمەڵگادا و لە رووی ئابوورییەوە نەبوونی هەلی کاری پێویست و گونجاو بۆ کەسانی

خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمی داهاتی خێزان و زۆری پێداویستیەکانیان گرفتێکی دیکەیە، هەروەها نەبوونی هیچ بیمەیەکی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت وەك بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی ونەبوونی سندوقی هاوکاری لە لایەن حکومەتەوە بۆ خاوەن پیداویستانی تایبەت یەکێکی دیکەیە لە کێشەکانیان.

چەمکە کلیلەییەکان: (کێشە، کەم ئەندام ، ڕەگەزی مێینە، ،کومەڵگا).

**پێشەکی:**

کۆمەڵگە لەچەندین توێژی جیاواز پێکهاتووە یەکسانی نێوان توێژەکان لە کۆمەڵگەدا بریتییەلە دۆخی خوازراوی کۆمەڵگە، بەو واتایەی هەموو توێژەکان بەبێ جیاکاری و هەڵاواردن پێکەوەبن بەئامانجی گەیشتن بە یەکسانی کۆمەڵایەتی، ڕەگەزی مێینە خاوەن پێداویستی تایبەت یەکێکن لەو گروپە کۆمەڵایەتییە تایبەتانەی کە بەهۆی کەموکوڕی جەستەی و دەروونییەوە تووشی چەندین کێشە دەبنەوە.

ئەم توێژینەوەی (کێشەکانی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت لەکۆمەڵگەدا) یەکێکە لەو توێژینەوانەی کە ئامانجی دەرخستن و گرنگی پێدانی کێشەی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕەگەزی مێینە کە توشی کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییەکان دەبنەوە لە پارێزگای هەڵەبجە، وخستنەڕووی گرنگترین کێشە باوەکان کە ڕووبەڕووی ڕەگەزی مێینە دەبێتەوە هە لە نێو کۆمەڵگەدا.

توێژینەوەکە لە چوار بەش پێك هاتووکە بریتییە لە بەشی یەکەم: چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە ودیاریکردنی چەمک و زاراوەکان و توێژینەوە هاوشێوەکان، بەشی دووەم: لە دووباس پێك دێت باسی یەکەم بریتیەلە خوێندنەوەیەك بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت، وباسی دووەم خستنەڕووی گرنگترین کێشەکانی ڕەگەزی مێینەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و بەشی سێیەم لە دووباس پێك دێت باسی یەکەم ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە وباسی دووەم خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکەو بەشی چوارەم: لە دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان پێشنیارو و سەرچاوەکانی توێژینەوەکەپێك دێت.

**بەشی یەکەم:**

باسی یەکەم : چوار چێوەی گشتی توێژینەوەکە ودیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

یەکەم/ کێشەی توێژینەوەکە:

توێژی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە کۆمەڵگادا گرنگ و فراوانن، بەڵام لەبەشێکی کۆمەڵگاکاندا ڕووبەڕووی کێشەی جیاواز دەبنەوە، ئەم کێشانە جیاوازو جۆراوجۆرن کە بەپێی سروشتی کۆمەڵگاکەو ئاستی گەشەکردنی ڕۆشنبیری تاکەکانی گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمە جگە لەوەی لەنێو یەك کۆمەڵگەشدا لەکاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە کێشەکان جیاواز بێت.

لەنێو کەسانی خاوەن پێداویستیشدا ڕەگەزی مێینە زۆرترین بەرکەوتنیان لەگەڵ کێشەکاندا هەیە بەو واتایەی ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ کێشەکان زیاترە.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، نزیکەی یەک ملیار کەس لە جیهاندا لەگەڵ جۆرێک لە کەم ئەندامیدا کێشەیان هەیە، هەروەها( 80%) ی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە وڵاتانی مامناوەند و کەم داهاتدا دەژین (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی " WHO ، 2020).

خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە هەموو ڕەهەندەکانی ژیان لە سەرەتای لەدایکبوونەوە یان لە سەرەتای کەمئەندامییەوە ڕووبەڕووی چەندین کێشەی جۆراوجۆر دەبنەوە و لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئابووری ودەروونی و کولتوورییەکاندا چەندین ئاستەنگی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. ولە هەرێمی کوردستانیشدا بە ڕێژەی جیاواز ئەم کێشەو گیروگرفتانەی ڕووبەڕووی ڕەگەزی مێینە خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێتەوە.

ئەمەش بووە هۆکارێك بۆئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە ، ئەو کیشە و گیروگرفتانەی کە ڕووبەڕووی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕەگەزی مێینە دەبێتەوە کە کاریگەری لە سەر خێزان و کۆمەڵگا دروست کردووە.

دووەم: گرنگی توێژینەوەکە

هەموو توێژینەوە ئاکادیمی و زانستییەکان دوو بواری گرنگی خۆیانیان هەیە، کە بریتین لە:

أ-بواری تیۆری : خۆی لەگەیاندنی پەیامە تیۆرییەکانی بابەتەکەدا دەبینێتەوە، وەك ئاشکرایە گرنگی لایەنە تیۆرییەکە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی زانستییانە وابەستە بە بابەتی توێژینەوەکەوە بێت لە کاتی نوسین لەوبوارەدا، ئەویش بە بەرجەستەکردن وتیشك خستنەسەر ئەو بابەتە تیۆری وپەرتووکە نوسراوانەی کە لە سەر بابەتەکەن (شفیق، 2008: 19). ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کێشەکانی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت لە کۆمەڵگەدا، هەروەها کەمیی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستیی ئەکادیمی لە کوردستان لە سەر کێشەکانی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت، بۆیە هەوڵماندا بۆ خستنەڕوو و گرنگی پێدانی بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بە ڕێگەی زانستی کە لە لایەن دام و دەزگا حکومییەکان و کۆمەلگە وخێزانەوە هەوڵی کەم کردنەوەی بدرێت.

ب- بواری پراکتیکی : گرنگی پراکتیکی توێژینەوەکە وێنەیەکی تەواوی ئەو کۆمەڵگەیە بۆ بابەتی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، لە ڕێگای زانیاری وداتاکانەوە، ئەمەش وەڵامدانەوەی پرسیارو ئامانجەکانی لایەنە پراکتیکییەکە دەبێت، کە وەك پاڵپشتێکە بۆ لایەنە تیۆرییەکە.

1-زانینی کێشەکانی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت لە پارێزگای هەڵەبجە بە شێوەیەکی پراکتیکی و بە پشت بەستن بە داتا و ئاماری زانستی .

2- سود وەرگرتن لە دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە بۆ باشترکردنی ڕەوشی ژیانی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت لە لایەن داموو دەزگا حکومییەکانەوە.

3 ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی تری هاوشێوە، بە شێوازێکی فراوانتر لەلایەن خوێندکار و توێژەرانەوە.

4-توێژینەوەکە سەرچاوەیەکی زانستی دەبێت بۆ زانینی دۆخی ژیانی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت و خستنە بەردەم بەرپرسیارێتی لایەنی پەیوەندیدارە بە ئامانجی ڕووبەڕووبوونەوەی هۆکارەکان و باشترکردنی دۆخی ژیانیان.

**سێیەم:** ئامانجی توێژینەوەکە:

1- زانینی ئەوکێشە کۆمەڵایەتیانەی ڕووبەڕووی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێتەوە.

2- زانینی ئەو کێشە دەروونیانەی ڕووبەڕووی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێتەوە.

3- زانینی ئەو کێشە ئابووریانەی ڕووبەڕووی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێتەوە.

**باسی دووەم:** ناساندنی چەمکە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە:

1-کێشە: دۆخێکی گرژ و نەخوازراوە و لە ئەنجامی سەختی لە هەوڵەکانی گەیشتن بە ئامانجە نەخوازراوەکان دێتە پێش و کێشەکە بە ڕوونی دەردەکەوێت کاتێك کەسەکان سەرکەوتوو نابن لە بەدەستهێنانی ئەنجامە چاورانکراوەکانی کارو چالاکییە جیاوازەکان(الحريري واخرون، 2008: 12). وە یان بریتیە لەو ئاستەنگەی کەڕووبەڕووی تاك دەبێتەوە (سوقی ،2008، 19).

-سەنتەری نیشتیمانی بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و تاوانکاری لە قاهیر لەساڵی 1974 بەم شێوە باسی کێشە دەکات بارێکی تێکچوونی ناوەکی و دەرەکیە، لە ئەنجامی تێرنەبوونی پێویستی تاکێکی ناو خێزانەوە یان خێزان بە گشتی دروست دەبێت ، پێویستی بە ڕێکخستنی ڕەفتاری شێوازی تاکەکان یان شێوازە گشتیەکەی خێزانە، بە ئامانجی سازێژکردنی کێشەکەیان و هاوشانکردنی لەگەڵ ئامانجەکانی کۆمەڵگە (السنهوری ، 2009: 120).

پێناسەی ڕێکاری: ئەو کێشانە دەگرێتەوە کە ڕووبەڕووی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێتەوە لە پارێزگای هەڵەبجە، کە کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییە.

٢- ژن: ئەو ڕەگەزەیە کە بە درێژایی مێژوو پێگە و ڕۆڵی خۆی لە سەرجەم کایەو بوارەکاندا بینیوە، ڕۆڵی هەبووە لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و کلتورییەکاندا بەشداری چالاك و کارای هەیە لە بەرەو پێشبردن و گەشەکردنی کۆمەڵگەدا ( السباعی، 1985" 54).

- بەشێکە لەو ڕەگەزەی کە مرۆڤایەتی پێکدەهێنن لە ڕووی ڕوخسارو بایۆلۆجییەوە جیاوازە لە ڕەگەزی نێر و تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیای دەکاتەوە لە پیاو (گۆران، 1999، 54).

پێناسەی ڕێکاری : مەبەستمان لە ژن یان ڕەگەزی مێینە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە خاوەن پیداویستی تایبەتن لە پارێزگای هەڵەبجەو لە بەڕێوەبەرایەتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی هەڵەبجە ناویان تۆمارکردووە.

3 - کەم ئەندام: بە پێی یاسای ژمارە (22) ساڵی 2011 یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت لە هەرێمی کوردستان ماددەی یەکەم برگەی شەش دەڵێت : کەم ئەندام هەر خاوەن پێداویستیەکی تایبەت تووشی پەککەوتنی جەستەیی بەشێوەیەکی هەمیشەییە یان هەمەکی، یان بەشەکیی جەستەیی یان ناجەستەیی و بە شێوەیەکی بەردەوام هاتبێ (ڕوژنامە ویقائعی کوردستان،2011).

-ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە کەسانێک پێناسە دەکات کە لاوازی جەستەیی، دەروونی، هزرییان هەیەو دەبێتە هۆی ڕێگریکردن لە بەشداریکردنێکی تەواوو کاریگەرانە لە کۆمەڵگادا لەسەر بنەمای یەکسانی لەگەڵ کەسانی دیکە. ئەم پێناسەیە لەگەڵ چوارچێوەی پۆلێنکردنی نێودەوڵەتی کەمئەندامی و تەندروستی (ICF) کە لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە پەرەی پێدراوە یەکانگیرە (WHO) .

پێناسەی ڕێکاری: مەبەستەمان لە کەم ئەندام ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە رووی جەستەیی یان لە رووی دەروونیەوە توانایی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی رۆژانەیان زەحمەت و ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە توری پاراستنی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای هەڵەبجە تۆمارکراون.

باسی سێیەم: توێژینەوە هاوشێوەکان

1-توێژینەوەی شعبانی ( 2021 ) بە ناونیشانی ( خشونت خانگی علیه زنان دارای معلولیت و دسترسی به عدالت در نظام بین المللی ) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە وڵاتی ئێران . بەئامانجی زانینی کێشەی توندوتیژی خێزانی بەرامبەر بەو کەسانەی کە کەم ئەندامن و گەیشتن بە دادگەری کۆمەڵایەتی لە یاسا نیودەولەتیەکاندا و بە پشت بەستن بەڕوپێوی کۆمەڵایەتی شیکاری-وەسفییەکان و بەکارهێنانی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری تێبینی و چاوپێکەوتن کە نمونەی توێژینەوەکانی بریتیی بوون لە (18)کەس. توێژەر گەیشت بە چەند دەرئەنجامە کە گرنگترینیان بریتین لە :

أ. نایەکسانی و جیاکاری ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە مێژووی توندوتیژیدا زیاتر لە کەسانی دیکە دەردەکەوێت.

ب- ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت زیاتر لە پیاوانی خاوەن پێداویستی تایبەت توشی توندوتیژی دەبنەوە .

ج- توندوتیژی خێزانی دژی ژنان و کچانی خاوەن پێداویستی تایبەت سەرهەڵدەدەن بەگشتی ستراتیژییەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی خێزانی و دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری لە یاسا نیودەولەتیەکاندا گرنکی پی نادرێت.

2- توێژینەوەی الاسود( 2021 ) بە ناونیشانی ( المشكلات الاجتماعيه و النفسيه و الصحيه للمعاقين) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە زانکۆی سرت، شاری سرت لە وڵاتی لیبیا . توێژەر بەئامانجی زانینی سروشتی کێشەی کەم ئەندامان لە جۆری جوڵە لە ڕووی دەرونی و کۆمەڵایەتی و تەندروستییەوە و بەپشتبەستن بەڕوپێوی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی وەك ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری کە نمونەی توێژینەوەکانی بریتیی بوون لە (50)کەسی کەم ئەندام لە جۆری جووڵە . توێژەر گەیشت بە چەند دەرئەنجامێك کە گرنگترینیان بریتین لە :

:أ. کەم ئەندامان لە جۆری جووڵە بەدەست چەندین کێشەی دەرونیەوە دەناڵێنن وەك دڵتەنگی ونائومێدی وگرنگی پێنەدان لەلایەن خێزانەکانیان لەکاتی باسکردنی کێشەکانیان .

ب. نەشیاوی بیناکان بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت جۆری جوڵە کە بتوانن بەئاسانی بچنە ناویان.

3- تووێژینەوەی الفراعی ( 2014) بە ناونیشانی ( المشكلات النفسيه و الاجتماعيه و الاكاديميه التي يعاني منها الطلبه ذوي الاحتياجات الخاصه في المرحله الجامعيه)

توێژەر بەئامانجی دەرخستنی ئەو کێشە دەرونی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمیانەی کە ڕووبەڕوی خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێتەوە بەپشتبەستن بەهەریەکە لەمیتۆدەکانی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی و بەکارهێنانی فۆڕمی ڕاپرسی وەك ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری کە نمونەی توێژینەوەکەن بریتیبوون لە( 32) خوێندکاری خاوەن پێداویستی تایبەت لە کۆلێجەکانی زانکۆی نزویا لە میرنشینی عمان.

4-توێژینەوەی سجادی و هاوکارەکانی ( 2007) بە ناونیشانی (دختران و زنان دچار معلوليت جسمي- حركتي: نيازها و مشكلات) توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری تاران لە ولاتی ئیران . توێژەر ئامانجی سەرەکیشی دیاریکردنی پێداویستی و کێشەکانی کچان و ئافرەتانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە شاری تاران دا.

جۆری ئەم توێژینەوەیە وەسفییە. نمونەی لێکۆڵینەوە لە (٢١٦) کچ و ژنی خاوەن پێداویستی تایبەت پێکهاتووە کە بە هەڵبژاردنی هەرەمەکی ڕێکوپێک لە نێوان( ١٣٩٥ ) کەس کە ئاماژەیان بە ناوەندی خۆشگوزەرانی شاری تاران کردووە، هەڵبژێردراون کۆکردنەوەی زانیاری بە بەکارهێنانی شێوازی چاوپێکەوتن و پرسیارنامەیەکی دروستکراوی و دوای دیاریکردنی ڕەوایی و متمانەپێکراوی ناوەرۆکەکەی (بە ئەلفا 0.76ی کرۆنباخ)، جێبەجێکرا.

لە گرنگترین دەرئەنجامەکان جۆراوجۆری کێشە و پێداویستییەکانی... کچان و ژنانی خاوەن جەستەیی-جووڵەیی لە کۆمەڵگادا لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت. بەڵکو جیاوازی ئەولەویەتەکانی ئەوپێداویستی و گرفتانە لە بوارەکانی پەروەردە، دامەزراندن، هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان، هاتووچۆ، چارەسەر و چاکسازی، کاتەکانی پشوو و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکە، کیشەکانی کەم ئەندامانن.

گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو:

کۆی توێژینەوەکان میتۆدی چەندایەتی یان بەکارهێنابوو لە توێژینەوەکانیاندا، توێژینەوەکانی الاسود (2021) و الفواعیر (2014) شعبانی ( 2021 ) لە ئامانجە سەرەکەیەکاندا گرنگیان دابوو بەکێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان کەئەمە لە توێژینەوەکەی ئیمەوە نزیکە لەو توێژینەوانەی کە نمونەی توێژینەوەکانیان خاوەن پێداویستی تایبەت بوون گۆڕاوەکانی ڕەگەزو جۆری خاوەن پێداویستی تایبەتی کاری لەسەر دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی جیاوازهەبوو، بۆ نمونە توێژینەوەکانی(الاسود 2021 وشعبانی 2021)دا و لە توێژینەوەکە سجادی (2007) باسی لە گرنگترین کێشەکانی بەردەم ژنانی کەم ئەندام کردووە کە ئەمەش زۆر نزیکە لەتوێژینەوەکەی ئیمەوە.

لەڕووی ئەنجامەوە ئامانجەکانی توێژینەوەکان نزیکە لەو ئامانجەکە ئیمە پێی گەیشتوین .

بەشی دووەم:

باسی یەکەم: خوێندنەوەیەك بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

ئەگەر چاوێك بە مێژووی کەم ئەندامی بگێڕین لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا کەسانێک هەبوون کە لە ڕووی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە کەمتر لە ئاسایی کارەکانیان ئەنجامداوە و هەرچەندە پێویستیان بە گرنگیدانی تایبەت هەبووە، بەڵام نەک تەنها خواست و بابەتە کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانییەکانیان گرنگیان پێنەدراوە تا سەدەی نۆزدەهەم بەڵکو مێژوو نیشان دەدات کە ڕەفتاری باڵادەستی کۆمەڵگاکان بەرامبەر بەم کۆمەڵە خەڵکە دوور بووە لە هەر دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی و ڕەفتارێکی مرۆڤایەتی ، ئەمڕۆ بە دیدێکی کۆمەڵایەتی تازە پەرەپێدراو بۆ مافەکانی مرۆڤ دەژین، بەو بیرۆکەیەی کە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دەبێ چێژ وەربگرن، بەرگریکردنە لە مافەکانی مرۆڤ. ئەمە گرنگترین ئامانجە کە لە گفتوگۆی یاسایی مرۆڤایەتیدایە. ئەمەش بەو مانایەیە کە هەموو کەسێک کە لەم دونیایەدا دەژی مافی ئەوەی هەیە ژیانێکی ئازاد بەبێ جیاوازی بژی(Kamali، 2003: 19).

تا ساڵانی نەوەدەکان کەم ئەندامی بە شێوەیەکی بەرفراوان لە چەمکەکانی چاکسازی، پزیشکی، دەروونناسی، پێداویستییە پەروەردەییە تایبەتەکان و کاری کۆمەڵایەتیدا دەبینرا، توێژەرانی کۆمەڵایەتی خۆیان لە سەرقاڵبوونی دەروونی بە تێکچوونی مرۆڤەکان دوور خستەوە و سەرنجیان خستە سەر هۆکارەکانی وەدەرنانی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، کولتووری و بەربەستەکانی پەیوەندی و دەروونی، بەگوێرەی کەمئەندامی لە ڕاستیدا هەموو ئەو بەربەستانە دەگرێتەوە کەسنووردارکردن

بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان دروست دەکەن، لە پێشوەختەی تاکەکەسیەوە تا هەڵاواردنی یاسایی، بیناگشتیەکان کە نەگونجاون سیستەمی گواستنەوەی گشتی کە لەلایەن گشتیەوە بەکارناهێنرێن، سیستەمی پەروەردەی جیاکراوە (قوتابخانە ناوازەکان ) و دەستڕاگەیشتن بەو کارانەی کە تایبەتن بە کەسانی غەیرە کەمئەندام (Hosseini، 2014: 54)

بوونی زیاتر لە یەک ملیار کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت لە جیهاندا کە نزیکەی( 15%)ی خەڵکی جیهان پێکدەهێنن، پرسی کەمئەندامی کردووەتە پرسێکی گرنگ لە کۆمەڵگاکاندا. ئەگەر خێزانەکانی ئەم گرووپە زیاد بکەین بۆ ئەم ژمارەیە، زیاتر لە دوو ملیار کەس لە جیهاندا بە کەمئەندامییەوە دەژین.

خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە خێزان و کۆمەڵگادا ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبنەوە؛ یەکێک لەو تەحەددایانە ڕەفتاری نەشیاوی خێزان و خەڵکە. خێزان و مرۆڤەکان بە باشی مامەڵەیان لەگەڵ ناکەن. ئەم بابەتە بە یەکێک لە پرسە گرنگەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا دادەنرێت، ئەمەش وا دەکات خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ ببنەوە. ڕەفتاری کۆمەڵایەتی نەگونجاو یەکێکە لە هۆکارەکانی کێشەی دەروونی و گۆشەگیری لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتدا (Soltanifar، 2013: 77).

باسی دووەم: خستنەڕووی گرنگترین کێشەکانی ڕەگەزی مێینەی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

یەکەم: کێشە ی کۆمە ڵایە تی (Problem Social ) :

کێشەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە ئاستەنگی ولادانی ڕەفتاریی پەیوەست بە پەیوەندی گەنج بەکەسانی دیکە و بەهاکانی کۆمەڵگا وخێزان و داب و نەریت و یاساو ڕێساکانی کۆمەڵگا ( .المنصوری 2008، : 20) . هەروەها کێشەی کۆمەڵایەتی بریتییەلە لاوازی تاك لە بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە شێوازێکی سە رکەوتووانە و جێگیر لە سەر متمانە بە خۆبوون و لێبووردەیی و هاوکاری دەوەستێ (الخریشا ، 2009 : 478 ) یان بریتیەلە و حاڵەتەی بە جۆرێك دەڕوانێتە مامەڵە و هەڵسوکەوتی کەسێك یا کۆمەڵە کەسانێك لە یاساو ڕێساکانی کۆمەڵگا دەرئەچن.( Dentler Robert: 15: 1977) . هەروەها زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی فرانك (Frank) پێیوایە کێشە کۆمەڵایەتیەکان بریتیین لە ئەندازەیەك هەموو ڕەفتار و جوڵانەوەیەکی نەشیاو ئەگرێتەوە، لەلایەن کەسێك یان کۆمەڵە کەسانێک پەیرەو دەکرێن و پێویستیان بەچارەسەرکردن هەیە، ئەم چارەسەرکردنە پشت بەدۆزینەوەی ئامرازی هەمەچەشن دەبەستێت، لەگەڵ بارودۆخەکە گونجاو بێت (مستەفا، 2019 : 19 ) یان بریتییە لە وبارودۆخە کۆمەڵایەتییەی تیایدا تاکەکان واهەست دەکەن سووکایەتی بەبەهاو پیرۆزییەکانییانەوە کراوە چ لەلایەن کەسێکەوە بێت یان کۆمەڵە کەسانێکەوە بەم جۆرەش کێشەی کۆمەڵایەتی گەورە دروست دەکەن پێویستی بەچاەسەرە (العمر ، 2005 : 8)، دەتوانین بڵێین خە ڵك ڕە فتار بە لادان و سەرچاوەی کێشەکان دادەنێن کاتێك لەو بەهاو پێوەرانەی سیستمی کۆمەڵایەتی باو لە سەری ڕێك کەوتووە دەربچێت( قنوص 2000، : 272). کەم ئەندامی کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر ڕەفتاری کەسەکەو لەوانەش هەبوونی سەختی لە کارلێکی کۆمەڵایەتیاندا و بەدیهێنانی لێهاتووی کۆمەڵاتییە پیویستەکان لە پێناو بەدیهێنانی سەربەخۆیی خودی، ئەمەش بە هۆی کەم و کوڕیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و کەمی دەرفەتە کۆمەڵایەتیەکان لە بەردەمیاندا لەکاتی تێکەڵاوبوونیان لە ناو کۆمەڵگەو پەیوەندیی بەستن بە خەڵکی چواردەورەوە هەتا تێروانینی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەك بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەرێنی بێت ئەوە دەرفەتی بە کۆمەڵایەتی بوونیان ئاسانتر دەبێت (ET ,Handa 2010 ). مەبەستمان لەچەمکی کێشەی کۆمەڵایەتی نەنگی ، بەربەست و نە گونجاندنێکی لە ناو کۆمەڵگادا لە و چرکە ساتەوەی

بەرکۆمەڵگا دەکەوێت چ داب و نەریت و کلتور بێت یان ڕێساو یاسا کۆمەڵایەتییەکان یان ڕە فتارو هەڵسوکەوتی کەسانی دەوروبە ر لە گەڵیاندا و هۆکارە بۆ دروستبوونی کێشە لە ڕووی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە .

دووەم : کێشەی دەروونی (Problem Psychological):

دەبێتە هۆی دروستبوونی ململانێی ناوەکی لە ناخی تاکدا ، یان ململانێی دەرەکی لای تاکە کە بە هۆی کەسانی چواردەورییەوە و ئە م ململانێیەش هۆکارە بۆ لاوازی خۆگونجاندنی کەسی و بێبەشی دەکات لە ئارامی و دەروون دروستی (الهاشمی2003، : 86). هەروەها ئەو تەنگژەیەیە مرۆڤ پێوەی دەناڵێنێ کۆمەڵێك نیشانەی دەروونی و جەستەیی لە خۆدەگرێ و لە چوارچێوەی تێکچوون لە بیرکردنەوە و هەڵچوون تاك دەینوێنێ و پێوەی دیارە (المنصوری :2008، 19) یان کێشەی دەروونی بریتییە لە هەردۆخێکی دەروونی ناجێگیر پێویستی بە چارەسەرو ڕاستکردنەوە هەیە (الغامدی 2009، : 9 ). یان مرۆڤەکان لە دەرئەنجامی هۆکارە جیاجیاکانەوە تووشی شڵەژانی دەروونی دەبن هۆیەکانی لە کەسێکەوە بۆ کەسێك دەگۆڕێن وەك لە دەستدانی باوان لە قۆناغی منداڵیدا ، لە سەردەمی خوێندکاریشدا هە بوونی هاوپۆلی نەشیاو(France "2004 –14).هەروەها دەشتوانین بڵێین بریتییە لە و کێشانەی کە تاك بە دەستییەوە دەناڵێنێ و هەندێك نیشانەی ئەندامی و دەروونی لە خۆدەگرێ لە تێکچوونی بیرکردنەوە و هەڵچوونی دەروونیدا خۆی دەنوێنێ (منذوری 2019، : 1428).

خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان زیاتر تووشی خەمۆکی دەبن، چونکە لایەنە جیاوازەکانی ژیانیان تا ڕادەیەک تێکدەچێت، تەنانەت لەوانەیە فشار و دڵەڕاوکێیەکی زۆریان هەبێت لە ئەنجامدانی هەندێک ئەرکدا. یەکێک لە کێشەکانی کەمئەندامان، نەبوونی متمانە بەخۆبوون و باوەڕبەخۆبوون. بێگومان هەموو کەمئەندامان لاواز و خەمۆک نین. ئایا مرۆڤ لە هەر بارودۆخێکدا ڕۆحی خۆی دەپارێزێت و متمانەی بەخۆی بەهێزتر دەکات یان نا، ئەوە بەندە بە خودی کەسەکە و ئیرادەی خۆیەوە هەندێک کەس هەرچەندە کەمئەندامن، ڕۆحێکی بەرزیان هەیە و بەپێی تواناکانیان لەبوارە جیاوازەکاندا کاردەکەن و خۆیان بە چالاکی دەهێڵنەوە بۆیە ناکرێ بگوترێ هەموو کەمئەندامان کێشەی دەروونی زۆر و توندیان هەیە. هەموو ئەمانە بەندە بە کەسەکە و ڕۆح و ئیرادە و کارەکتەری و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کەمئەندامی (کاوە، 2013، 78).

سێیەم: کێشەی ئابووری (Economic Problems) :

کێشەی ئابووری یەکێکە لە گۆشەگرنگەکان بۆ لێکۆڵینەوەی ژیانی تاك و گروپ لە هەر کۆمەڵگایەکدا، ئەمەش بە پلەیەکی گەورە پەیوەندیدارە بە سەرچاوە ئابووریەکانی خێزان لە بەرئەوە لاوازی تواناى ئابووری خێزان دەبێتە هۆی چەندین کێشە لەوانە: فەرامۆشکردنی تاك و شەڕانگێزبوون و تەنانەت لادانیش ڕووبەروو دەبێتەوە ، ئەو کێشانە بە شێوەیەکی ڕیزبەندی هەرەشە لە کەسیەتی و داهاتووی تاك دەکەن جگە لەوانەش لاوازی ئاستی ئابووری دەبێتە هۆی هەستکردن بە نادڵنیایی بەهۆی نەبوونی ڕێکخستنی بۆ دابینکردنی هەندێك لە داوکاریەکانی خیزان و هەستی دابرانیش دروست دەکات کاتێك خێزان ناتوانێت پێویستیەکانی ژیان دابین بکات، ئەمەش وا دەکات هەست بە لاوازی بکات بەرانبەر ئەوانی تری دەرەوەی خێزان( القبالی، 2008: 84).

گەیشتن بە ژیانێکی خۆشگوزەران و شایستە و گەشەی ئابووری، ئاوات و هیوای هەموو ئەندامانی کۆمەڵگایە، ئەو کۆمەڵگایە سەرکەتووە کە ئەندامانی لە چالاکیی کۆمەڵایەتیدا بەشدارن، گەشەسەندنی ئابووری بەواتای سوودمەندبوونی زۆرینەی تاکەکان لە ئیمکانیات و خۆشگوزەرانی و خوێندن و تەندروستی و هەروەها بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی مرۆڤەکانە، بەشداریکردن

لە پرۆسەی گەشەسەندن دەبێتە هۆی گەشەکردنی یەکسانیی کۆمەڵایەتی و بەشداریی تاکەکان لە ئیمکانیاتی کۆمەڵگا بەشێوازێکی یەکسان و دادپەروەران ( کمال، 2005: 13).

بوونی کەسی کەئەمئەندام لە خێزان کاریگەری دارایی دەکاتە سەر خێزان بە تایبەت کاتێك سەرچاوەی بژێوی خێزانەکەی بێت، چونکە هەلیکاری بە زەحمەت دەست دەکەوێت بە تایبەت لە وڵاتانی رۆژهەڵات ناوەراست و وڵاتە گەشەسەندووەکاندا چونکە بەبی توانا سەیر دەکرێت و هیچ خاوەنکارێك ئامادە نییە کاری بداتێ بە هۆی تێروانینە نەرێنیە گشتیەکەی کۆمەڵگاوە بۆیان(محمود، 2009: 65) .

بەشی سێیەم: رێکارە مەیدانیەکانی تویژینەوەکە و خستنەروو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

باسی یەکەم:

1- میتودی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لەجۆری وەسفکەر-روونکردنەوەدایە و بە بەکارهێنانی شێوازێکی چۆنایەتی ئەنجام دەدرێت، هەروەها هەڵبژاردنی ئەم شێوازە بۆ چەند هۆکارێکە:

یەکەم: بە پێی زانیاری توێژەر توێژینەوەیەك بەم ناونیشانە تاڕادەیك کەمە کە پەیوەندی بە بە (کێشەکانی رەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت لە کۆمەڵگادا) کەم کراوە وهیچ زانیارییەکی دیاریکراوی پاشخانیشی لەو بارەیەوە نییە لە هەرێمی کوردستان.

دووەم: بەو پێیەی رەنگدانەوەی توێژەران سەبارەت بە کردار و تێبینییەکانیان لە بوارەکەدا، تێروانینەکان، بێزارییەکان، هەستەکان و پێکهاتەکانیان دەبنە داتایەك کە بەشێک لە لێکدانەوەکە پێکدەهێنن" (فلیک، 1388، 18)، هەروەها توێژینەوەکانی ئێستا لە سروشتی خۆیدا بە جۆرێکن کە پێوستیان بە یەکترەوە نییە لە نێوان توێژەر و چاوپێکەوتنەکەدا، بۆیە توێژەر هەوڵدەدات شێوازی توێژینەوەی چۆنایەتی بەکاربهێنێت. (او فلیك ) لە گرنگی و پێویستیی شێوازی توێژینەوەی چۆنایەتی و گرنگیدان پێی دەڵێت " توێژینەوە لە مانا دەروونییەکان و کردار و ئەزموونە رۆژانەکان بەقەد بیرکردنەوە لە گێرانەوە و گوتارەکان پێویستە" (فلیک هەمان سەرچاوە،13 ) . پەیوەندی کۆمەڵایەتی توێژەر لە میتودی چۆنایەتیدا، بە پێچەوانەی میتودی چەندایەتییەوە، کە بە گۆڕاوێکی تێکدەر دەزانێت، دیارە بە بەشێک لە مەعریفە دادەنرێت. عەقڵیەتی توێژەر و ئەوانەی توێژینەوەیان لەسەر دەکرێت، دەکەنە بەشێک لە پرۆسەی توێژینەوەکە. ئەم میتۆدە بریتییە لە کوکردنەوە ، شرۆفە کردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان بە مەبەستی تێگەیشتنێکی قوڵ و گشتگیر بۆ دیاردەیەکی دیاریکراو، لە رێگای پشتبەستن بە ئامرازەکانی وەك تێبینی وچاوپێکەوتن و بەڵگەنامەکان (العزاوی ،2016 ،100) . بەمەبەستی کوکردنەوەی زانیارییەکان ئامرازی چاوپێکەوتن بەکارهێنراوە بە ئامانجی گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی نموونەکە کراون بۆ شیکردنەوەی وەلامەکانیش پشت بە ئامرازی شیکاری بابەتی بەستراوە بە پێی ئەم ئامرازە وەڵامەکان پۆلینکراون بە پێی ریزبەندیی پرسیارەکان بەمەش لێکچووەکان دابەشکراونەتە سەر چەند تەوەرێکی دیاریکراوە دواتر شیکردنەوەی بۆ کراوە لە بەر رۆشنایی وەڵامەکان ئەنجامەکان خراونەتەروو .

2 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: هەموو ئەو تاکە، یان دامەزراوە، یان کەسانی شارەزا دەگرێتەوە، کە دەکەونە چوارچێوەی بابەتی توێژینەوەکەوە، بەپێی ئامانجی توێژینەوەکەی توێژەر توێژینەوەیان لەسەر دەکات (ترکی،2006: 110). لەم توێژینەوەیەدا

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لەو کەسانەی کە ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەتن لە بەڕێوبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەڵەبجە کەژمارەیان (253 )کەس بوو.

3 نموونە توێژینەوەکە:

توێژەر پێویستە بەرلە دیاریکردنی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دەستنیشانی نموونەی توێژینەوەکەی بکات تا بزانێت ئەو ئامانجانەی کە لە توێژینەوەکەیدا هەوڵیان بۆدەدات ئاراستەی چ دەستەیەکی کۆمەڵگایان دەکات و لەسەرچ بنەمایەك وەریان دەگرێت، چونکە نائاشکرایی و ئاڵۆزی و کەمی زانیاری توێژەر لەسەر وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەکەی لەوانەیە گرفت لەبەردەم ئامانجەکانیدا دروست بکات. لەم توێژینەوەیەدا توێژەر نموونەی ناهەرەمەکی مەبەستدار وەرگرتوە لە بەڕیوبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەڵەبجە و ئەو کەسانە وەرگیراوە کە ناویان لە بەڕێوبەرایەتی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی هەڵەبجە تۆمار کراوە و ئەو کەسانەی کە ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەتن و ژمارەیان (253 ) کەسە و ئەو کەسانەی کە چاوپێکەوتن یان لەگەڵ کراوە (10)لێتوێژاوە بوو بە شیوەی ناهەرەمەکی مەبەستدار هەڵبژێراون و زانیاریان لٚی وەرگیراوە و هەرکەسێك کودی تایبەت بە خوی هەیە و ناوی کەسەکان پارێزراوە لە لای توێژەر .

4 ئامرازەکانی کوکردنەوەی زانیاری

آ -چاوپێکەوتن

چاوپێکەوتن یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی توێژینەوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەوروبەر. توێژەر پشت بە چاوپێکەوتن دەبەستێت بۆ ئاسانکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری ورد و بابەتیی لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە، چاوپێکەوتن پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە لەنێوان دوو کەسدایە یەکەمیان توێژەر (Interviewer) وئەوی دیکەشیان کەسی لێتوێژراوە (Respondent)توێژەر بەشێوەیەکی زارەکی ڕاستەوخۆ پرسیاری ئاراستەی کەسی لێکۆڵراوەکە دەکات و چاوەڕوانی وەڵام دانەوەی لێ دەکات، ئەمە لەکاتێکدا زیاتر سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت کە توێژەر کەشێکی دەروونی گونجاو بۆ بەرامبەرەکەی برەخسێنێت بەوەی کە لە پاراستنی نهێنی وەڵامەکان دڵنیای بکاتەوە بۆ ئەوەی وەك پێویست وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە(ئەبراش، 2013: 409).جۆری ئەو چاوپێکەوتنەی کەلەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوە بریتی یە لە چاوپێکەوتنی (ڕێکخراو) مەبەست لە چاوپێکەوتنەش بەشێوەیەکی وورد پرسیارەکان دیاری کراون، توێژەر ئازادی دەداتە لێکۆڵراو بەمەبەستی قسەکردن لەسەربابەتی توێژینەوەکە.

ب- شیکاری وەڵامەکان

بۆخستنەروو ئەو زانیارییانەی بە دەستهاتوون ئامرازی شیکاریی بابەتی بەکارهێنراوە بەوەی کە لە شیکردنەوەی زانیارییە چونایەتییەکان بەکار دەهێنریت بە مەبەستی ڕیکخستن ودانانی زانیارییەکان لە سەر چەند بابەتێک یان تەوەرێکی دیاریکراو دواتر شیکردنەوەی و شروفەکردنیان لە پێناو دوزینەوەی وەڵامی پرسیارەکانی تویژینەوەکە شیکاری بابەتی لە ڕێگای تیشک خستنە سەر بەشە هاوبەشەکان دەبێت لە نێوان زانیارییەکان دواتر پۆلینکردنیان بۆ تەوەرەی دیاری کراو(العدسانی 2017 : 2). کە هەر چاوپێکەوتنی نیو کاتژمێر تا کاتژمێرێك خایاندووە دوای تۆمار کردنی دەنگ و نوسینەوەی زانیارییەکان بە پێی پرسیارەکانی توێژینەوەکە پۆلێنکراون و بە پێی ئەو کێشانەی کە باسکراون شیکردنەوە بو وەڵامەکان کراوە

باسی دووەم : خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

دوای ئەنجامدانی چاوپیکەوتن لەگەڵ نموونەی توێژینەوەکە ئەو زانیارییانەی کە کوکراوانەتەوە بە پێی پرسیارە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە بۆ دۆزینەوەی کێشەکانی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت لە کۆمەڵگادا لە ئەنجامی وەڵامەکاندا دابەش دەبێت بۆ چەند تەوەریەکی سەرەکی کە شیکاریان بۆ دەکرێت، وە بە پێی گرنگی تەوەرەکان ڕێزبەندی دەکرێت.

خشتەی(1) زانیارییە تایبەتیەکانی چاوپێکەوتنەکان

| ژمارە | زانیارییە تایبەتیەکانی چاوپێکەوتنەکان | بەشەکان | ژمارە |
|---|---|---|---|
| 1 | تەمەن | 22-18 | 1 |
| | | 26-22 | 1 |
| | | 30-26 | 4 |
| | | 34-30 | 4 |
| کۆی گشتی | | | 10 |
| 2 | باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 7 |
| | | خێزاندار | 2 |
| | | جیابووە | 1 |
| کۆی گشتی | | | 10 |
| 3 | ئاستی خوێندن | بەکالوریوس | 2 |
| | | دبلۆم | 2 |
| | | سەرەتایی | 4 |
| | | نەخوێندوار | 2 |
| کۆی گشتی | | | 10 |
| 4 | ئاستی بژیوی | باش | 2 |
| | | مام ناوەند | 2 |
| | | خراپ | 6 |
| کۆی گشتی | | | 10 |

١- کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی:

یەکێك لەو ووتەزایانەی کە بە دەست هاتوو، کێشەی کۆمەڵایەتی وخێزانی کە لە (10) چاوپێکەوتن کە هەموویان باسی کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتیان کردوە، بەڵام لە خێزانێك بۆ خێزانێك تر جیاوازی هەیە، بە پێی هۆشیارو ئاستی تێگەیشتنیان بۆ کێشەکە، سەبارەت بە پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکانی خاوەن پێداویستی تایبەتی ڕەگەزی مێینە لەئێستا بەهۆی کاریگەری تەکنەلۆژیاوە بەگشتی پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکان لەئاستێکی لاوازدایە ، ئەوەش کاریگەری زیاتری لەسەر خاوەن پێداویستی تایبەت

هەیە،بەشێکی زۆری وەڵامی لێتوێژراوان پشت ڕاستی ئەوەدەکاتەوەو بەشێکی زۆریان لەئاستێکی زۆر لاوازدا پەیوەندییەکانیان دەبینن و بەشێکیان بە مامناوەند وەسفی دەکەن، هەندیکیان لەئاستێکی باشدا دەیبینن ئەمەش بەهۆکاری جیاوازی جۆری کەم ئەندامیەکەیان و بیرکردنەوەی جیاوازیان و ئاستی خوێندەواری و هۆشیارییان.

بە بۆچوونی لێتوێژراو (پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکەنمان زۆر کەم بوتەوە و پێویستان بە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی تۆکمە هەیە بۆ ڕایی کردنی کاروبارەکانی ڕۆژانەمان و لە گەڵ کەسانی ئاسایی ئەو پەیوەندی کۆمەڵایەتیە دروست بکەین تا بتوانین ئیش وکاری رۆژانە بە ریوە بەبەین) ( کودی ژمارە 6).

بە بۆچوونی لێتوێژراوێکێتر(کۆمەڵگە بەهۆی جیاوازی داب و نەریت و کلتورەوە ئەو لاوازییە دروست دەکات لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی خاوەن پێداویستی ڕەگەزی مێینە کەمتر ئەو پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست بەبێت بە تایبەت ئیمەی ڕەگەزەی مێینە کە لە ماڵەوەین ناتوانین ئەو پەیوەندەی کۆمەڵایەتی دروست بکەین) (کودی ژمارە 1) .

بوونی کۆمەڵگەیەکی گشتگیروفراوان و گونجانی سەرجەم چین و توێژەکان و داب و نەریت و کلتورە جیاوازەکان ئاسانکارە بۆ فەراهەم کردنی پانتاییەکی تەندروست بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت تاوەکو بەئومێدەوە لەکۆمەڵگەدا بژین و هەمیشە تێڕوانینێکی باشیان بۆ کۆمەڵگە هەبێت.

بە بۆچوونی لێتوێژراو( لە ئێستادا هەڵمەتێکی فراوان هەیە بۆ گشتگیرکردنی کۆمەڵگەو بە کەم سەیرنەکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت ئەمەش بەهۆی ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەوە لەئێستادا لەئاستێکی باشدایە بەبەراود بە ڕابردوو)( کودی ژمارە 9).

نەبوونی هۆشیاری کۆمەڵایەتی داب ونەریتێکی لە کۆمەڵگادا بەشێکی دیکەیان بەپێچەوانە تاڕادەیەك نیگەرانن .

بە بۆچوونی لێتوێژراو(ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانی کۆمەڵگە هێشتاش هەر لەئاستی پێویستدا نیە بەرامبەر بە خاوەن پێداویستی تایبەت چونکە ڕێگەنادەن وەك ئەوەی کە ئیمەهەین ڕۆڵ بگێرن لەسەرجەم کایەکانی ژیانداو هەربەچاوی بەزەیی سەیر دەکرێن)(کودی ژمارە 5).

کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕی چەندین گرفت و ئاستەنگ دەبنەوە کەهەندێکیان سروشتین و هەندێکی دیکەیان بەهۆی بەرکەوتەی کۆمەڵایەتەوە دروست دەبن، بە تایبەت لە پرۆسەی هاوسەرگیری دا.

بە بۆچوونی لێتوێژراو(لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە هەندێك بەربەستیان بۆ دروست دەبێت بەتایبەت لەپڕۆسەی هاوسەرگیریدا،ڕووبەڕووی توانج و ڕەخنەی دەوروبەر دەبنەوە بەهۆی کەم ئەندامیەوە و کچ وا هەیە چەند کەسێك کە هاتوونەتە داوای کە زانیویان کەم ئەندام پەشیمان بوونەتەوە وهەندێك جار خەڵك ئامادە نیە کە کچی بینیت بو کۆرەکە کە کەم ئەندام بەیت بەڵام لە هەندێك خێزانی تر بە پێچەوانەوە هیچ کێشەی نیە هەرچەندە ئەم زۆر زواج کەم و ئیستا رێژەیەك لە کچ کەم ئەندام هەیە تا ئیستایش زواج نەکردوو )(کودی ژمارە2).

بەشێك لەلێتوێژراوان تر پێیان وایە کە بەکەم سەیرکردن و هەڵسوکەتی نەرێنی و ڕەخنەو پەرازێز خستن و جیاکاری کردنیان لە ژیانی ڕۆژانەیان کیشەی بو دروست کردوون و هەندێکیان پێیان وایە کە کەم ئەندامیەکەیان گرفتیان بۆدروست دەکات بەتایبەت بارودۆخی تەندروستی هەندێکیان گرفتی کۆمەڵایەتیان بۆدروست دەکات.

کێشەی دەروونی:

یەکێکی تر لەو ووتەزایانەی کە بە دەست هاتوو، کێشە دەروونی، کێشەی دەروونی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت کە خوی لە ترس لە داهاتوو و دەبێنیتەوە لە کۆی ئەو چاوپێکەوتن کە ئەنجامدراوە (9) کەسیان ترسیان لە داهاتووی خۆیان هەیە و دڵەڕاوکێ لە رووی سۆز و نەبوونی پەیوەندی کومەڵایەتی ، بەدی نەهینانی ئامانجی دارایی، پیك نەهێنانی خێزان، ترس لە دەستدانی هاورێ یان خود کەسیکی نزیك، ترس لە نەبوونی کار وپیشەی جیگیر ، ترس لە هەستکردن بە تەنیا مانەوە لە داهاتوودا.

بە بۆچوونی لێتوێژراو(وەك هەر مرۆڤێکی دیکە بەهۆی ژیانی ڕۆژانەو کارلێکی کۆمەڵایەتی و گرفت و بەربەستەکانەوە لەهەندێك شوێن و بارودۆخدا ئاسوودەیی دەرونی مان تێکدەچێت ئیمەش مروڤن وەك هەرکەسێك ئاسایی تر توشی حاڵەتی دەروونی دەبینەوە بە هۆی رەفتاری چواردەورمانەوە )(کۆدی ژمارە 10)

ئاسوودەی دەروونی بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت گرنگە و پاڵنەری سەرەکی بەردەوامی و سەرکەوتنیانە،خێزان ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەدروست بوونی ئەم ئاسوودەی دەرونیەدا، کێشەی دەروونی کەڕووبەرووی مرۆڤ دەبێتەوە،کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەتتیش بەدەرنین لەم کێشەیە وتووشی چەندین کێشەی تر دەبنەوە .

بە بۆچوونی لێتوێژراو(لەژیانی ڕۆژانەماندا ڕووبەڕووی چەندین گرفتی دەروونی دەبێنەوە لەوانە،بوونی سترێس،وە هەڵچوون و تورەەی و هەندێك جار خەمۆکی و هەندێك جار بەهۆی کاریگەری کەسانی دەوروبەرەوە و ئەو بەربەستانەی کەبۆمان دروست دەکرێت دەبێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ و کەمبوونەوەی متمانەبەخۆبوون.) (کودی ژمارە 8).

یەکێك تر لە کێشەی کەم ئەندام ڕەگەزی مێینە کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە خۆ بەکەم زانینە لە ناو هاوڕی و خزم و کەس و کار و کۆمەڵگاکەیدا کاتێك کە هەست دەکات کە ئەندامێك کە جەستەی نییە یان وەکو هاوڕێکانی کە جوان نییە ئەم کیشەی دەروونی بوو دروست دەبێت.

بە بۆچوونی لێتوێژراو(من لە ناو هاوڕی کانمدا هەست بە کەمی و شەرمەزاری دەکەم کاتێك ئەوان دەبینم کە کاری ڕۆژانە خۆیان دەکەن و من خەڵکە بەزەی بەمندا دێتەوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی خۆم) (کودی ژمارە 8).

کاتێک کەمئەندامان و کەسانی غەیرە کەمئەندامان دەیانەوێت پەیوەندی لەگەڵ یەکتردا بکەن، هەردووکیان دڵەڕاوکێیان هەیە بۆ ئەوەی چۆن مامەڵە لەگەڵ دیاردەی کەمئەندامی بکەن یان چۆن هاوڕێیەتی لەگەڵ کەسێکی کەمئەندام و تەواو وابەستە بکەن، لە ڕاستیدا هەردوو کەسەکە هەست بە جۆرێک لە ترس دەکەن.

کێشە ئابووری:

یەکیك تر لەو ووتەزایەن کە کێشە بۆ ڕەگەزی مێینە کەم ئەندام دروست دەکات، کێشەی ئابووریە هەرچەند لە کۆی (10) چاوپیکەوتنەکە (8) کەسیان پێیان وایە کە کاریگەری ئابووری ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا و دەتوانێت بەشێك لە بەربەستەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ چارەسەر بکات ،وە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت ئابووری لایەنێکی زۆر گرنگەو کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێت.

بە بۆچوونی لێتوێژراو ( نەبوونی هەلی کاری پێویست و گونجاو بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت یەکێکە لە گرفتە سەرەکیەکان و بە هۆی کەم توانایی جەستەیی و کەمتر ین ئیش و کار بە ئیمە دەدەن و ئەمەیش کێشەی گەروە بۆ کەم ئەندامان دروست کردووە )( کودی ژمارە 5).

کەمی و دواکەوتنی ئەو برە هاوکارییەکە کە لەلایەن حکومەتەوە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دابین دەکرێت و نەبوونی سندوقی هاوکاری لە لایەن حکومەت بو خاوەن پیداویستی لە رووی مادییەوە کیشەی دروست کردووە.
بە بۆچوونی لێتوێژراوکەتر( حکومەت مانگانە(150) هەزارمان پێدەدات وئەویش حاڵی حکومەت کە جاری واهەیە (50)رۆژ جاری مووچە دابەش دەکات، نازانین بیدەین بە چی و هاوکاری نەکردنی لایەنی ماددەی و نەدوزینەوەی هەڵی کار و پالپشتی نەکردنی ئیمە کێشەی گەورە بۆدروست کردووین و ئیمە داو دەکەین پارە کەمان بۆ زیاد بکەن )(کۆدی ژمارە 2).
لەلایەکی دیکەشەوە کەمی داهاتی خێزانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و زۆری پێداویستیەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت گرفتێکی دیکەیە،وەنەبوونی هیچ بیمەیەکی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت وەك بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی یەکێکی دیکەیە لە گرفتەکان و لاوازی ئاستی ئابووری دەبێتە هۆی هەستکردن بە نا دڵنیایی بە هۆی نەبوونی ڕێکخستنی بۆ دابینکردنی هەندێك لە داوکاریەکانی خیزان و هەستی دابڕانیش دروست دەکات کاتێك خێزان ناتوانێت پێویستیەکانی ژیان دابین بکات، ئەمەش وا دەکات هەست بە لاوازی بکات.
بە بۆچوونی لێتوێژراو( ئەوەی کە بوئیمە گرنگە لایەنی ئابووری چونکە هەر لە ئیستاو دەبێت ئیمە شتێك یان داهاتی بۆ خۆمان پیدا بکەین ئەگەر زواج نەکەین و دایك و باوك لە ژیاندا نەمینیت ئیمە شوین کەمان بۆ ژیان و ئیسراحت دەست ناکەوێت دەبێت سەرچاوەکەی داهات بۆ خۆمان پیدا بکەین )(کۆدی ژمارە 3).
ڕێژەی بێکاری لە نێو کەمئەندامەاندا زۆرە چونکە بەشێک لەو کەسانە توانای کارکردنیان نییە یان ئیرادە و پاڵنەری پێویستیان نییە.
بە بۆچوونی لێتوێژراوکەتر (ئەگەر هاوسەرەکەت کەمئەندام بێت، زۆربەی پرس و کێشە داراییەکان لەسەر شانی تۆیە و دەبێت پارە پەیدا بکەیت و ژیانت بەڕێوەببەیت. ئەگەر ژنێکی کەمئەندام هاوسەرگیری کرد، پێویستە ئەوەت لەبەرچاو بێت کە پێدەچێت تاکە کەسی کارکەر بن لە ژیانتاندا پێکەوە و هەموو کێشە و کێشە داراییەکان لەسەر شانتان دەبێت. بۆیە پێویستە چاوەڕوانی ئەم سەختییانە بیت، وە ئەگەر بەڕاستی بەنیازی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم کەسە بیت، پێویستە بەهێز بیت و توانای تێپەڕاندنی کێشە و کێشە داراییەکانت هەبێت.)(کودی ژمارە 8)
بەشی چوارەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان

1- دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕووی چەندین گرفت و ئاستەنگ دەبنەوە کەهەندێکیان سروشتین و هەندێکی دیکەیان بەهۆی بەرکەوتەی کۆمەڵایەتەوە و ناهۆشیاری کۆمەڵگا بە گشتی و کەسە نزیکەکانی دەرەوەی چوارچێوەی خێزان و نا شارەزایی لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت دروست دەبن، ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت لە سێ ڕوانگەو بە پێی ئامانجەکان دەست نیشان دەکەین.
یەکەم لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە کە تووشی چەندین کێشەی جۆراو جۆر دەبێتەوە وەکو جۆری پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکانی بەهۆی کاریگەری تەکنەلۆژیاوە بەگشتی پەیوەندییەکۆمەڵایەتیەکان لەئاستێکی لاوازدایە بەگشتی بەشێکیان بە ماماوەند وەسفی دەکەن،وە بەشێکیان لەئاستێکی باشدا دەیبینن ئەمەش بەهۆکاری جیاوازی جۆری کەم ئەندامیەکەیان و بیرکردنەوەی جیاوازیان و ئاستی خوێندەواری و هۆشیاری کۆمەڵگە و یەکیکی تر لە کێشە کۆمەلایەتیەکانیتر بەتایبەت لەپرۆسەی

هاوسەرگیریدا،ڕووبەڕووی توانج و ڕەخنەی دەوروبەر دەبنەوە بەهۆی کەم ئەندامیەوە و کچ وا هەیە چەند کەسێك کە هاتوونەتە داوای کە زانیویان کەم ئەندام پەشیمان بوونەتەوە وهەندێك جار خەلك ئامادە نیە کە کچی بینیت بو کوڕەکە کە کەم ئەندام بەیت و بەکەم سەیرکردن و هەڵسوکەتی نەرێنی و ڕەخنەو پەراوێز خستن و جیاکاری کردنیان لە ژیانی ڕۆژانەیان و بەهەند وەرنەگرتنی توانا کەسی و بەهرەکانیان و بەلاوازو کەم توانا دادەنرێن هەندێك جاری بەهۆکاری کلتوور و خێزانەوە تێکەڵاوی کۆمەڵگە ناکرێن بەهۆی ئەمەشەوە بەشێکیان تووشی دابڕان و گۆشەگیری دەبن،وە بەشێکیان هەست بەم جیاکاریە دەکەن بەهۆی گرفتی کەم ئەندامییەوە ناتوانن وەك پێویست هەڵسووکەت لەگەڵ دەوروبەردا بکەن.

دووەم لەڕوانگەی دەروونییەوە بەشێك لەلێتوێژراوان ئەوە دەخەنەڕوو کە لەژیانی ڕۆژانەیاندا ڕووبەڕووی چەندین گرفتی دەروونی دەبنەوە لەوانە، بوونی سترێس،وە هەڵچوون و تورەی و هەندێك جار خەمۆکی و هەندێك جار بەهۆی کاریگەری کەسانی دەوروبەرەوە و ئەو بەربەستانەی کەبۆیان دروست دەکرێت دەبێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ و کەمبوونەوەی متمانەبەخۆنەبوون، خۆ بەکەم زانین لە ناو هاوڕی و خزم و کەس و کار و کۆمەڵگا کاتێك کە هەست دەکات کە ئەندامە کە جەستەیی نییە یان وەکو هاوڕی کە جوان نییە ئەم کیشەی دەروونی بوو زیاد دەکات.

سێیەم: یەکێکی تر لەو کێشانەی بۆ ڕەگەزی مێینەی کەمئەندام دروست دەکات، کێشەی ئابوورییە، کەمی و دواکەوتنی ئەو بڕە هاوکارییەکە کە لەلایەن حکومەتەوە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دابین دەکرێت و نەبوونی سندوق هاوکاری لە لایەن حکومەت بو خاوەن پیداویستی لە رووی ماددەیە وە کێشەی بۆ دروست کردووە. نەبوونی هەلی کاری پێویست و گونجاو بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمی داهاتی خێزان بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و زۆری پێداویستیەکان گرفتێکی دیکەیە،وەنەبوونی هیچ بیمەیەکی تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت وەك بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی یەکێکی دیکەیە لە گرفتەکان و لاوازی ئاستی ئابووری دەبێتە هۆی هەستکردن بە نا دڵنیایی بە هۆی نەبوونی ڕێکخستنی بۆ دابینکردنی هەندێك لە داوکاریەکانی خیزان و هەستی دابڕانیش دروست دەکات کاتێك خێزان ناتوانێت پێویستیەکانی ژیان دابین بکات، ئەمەش وا دەکات هەست بە لاوازی بکات.

2- ڕاسپاردە

هەر توێژینەوەیەکی زانستی گرنگە، کۆمەڵێك ڕاسپاردە ئاراستەی لایەنە حکومی و ناحکومییەکان بکات، ئەمەش بەئامانجی گەیاندنی زۆرترین خزمەت بەو توێژەی کەتوێژینەوەکەی لەپێناودا ئەنجامدراوە، چونکە گرنگە خزمەتەکان پشت ئەستوور بن بە بنەماو توێژینەوەی زانستی .گرنگترین ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکەش بریتین لە :

یەکەم: پێویستە حکومەت لە ڕێگای وەزارەتەکانی (کاروکاروباری کۆمەڵایەتی- تەندروستی- خوێندنی باڵا- پەروەردە) وە گرنگی زیاتر بدات بەم توێژەی کۆمەڵگا لە ڕێگەی ڕەخساندنی هەلی کار بۆ خاوەن پێداویستی تایبەت و برەودان بە تواناو کارامەییەکانیان و ڕەخساندنی هەلی چونیەك بۆ سەرجەم توێژەکان بە توێژی ژنانی خاوەن پێداویستیشەوە .

دووەم: پێویستە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەرتی تایبەت ڕۆڵی خۆیان ببینن لە خزمەتکردنی ئەو توێژەی کۆمەڵگە ئەویش لە ڕێگەی کردنەوەی پەیمانگاو سەنتەری تایبەت بە خاوەن پێداویستی تایبەت و ئەنجامدانی کۆڕو سیمینار بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا سەبارەت بە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە ئامانجی نەمانی جیاکاری کۆمەڵایەتی

.سێیەم: لەسەر ئاستی پەرلەمانی کوردستان گرنگە کار لەسەر ئەم پرسە بکرێت، لەسەر هەردوو ئاستی هەمواری یاسا بەرکارەکان لەلایەك و دەرچواندنی یاسای نوێ لە سوودی توێژی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت لە ڕەگەزی مێینە، چونکە دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەو ڕاستییە دووپات ئەکەنەوە کە ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت ڕووبەڕووی جیاکاری و پێشێلکردنی مافەکانیان دەبنەوە .

چوارەم: جیاکاری لەپێدانی شایستە داراییەکانی کارمەندانی ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەڕەگەزی مێینە سیمایەکی دیاری کارە بەتایبەت لەنێو دامەزراوەکانی کەرتی تایبەت لەهەرێمی کوردستان، باشترکردنی ئەم دۆخە یەکێك لە ئەرکە بنچینەییەکانی بەڕێوەبەرایەتییەکانی کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی دەبێت .

پێنجەم: بری ئەو هاوکارییە داراییەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییەوە پێشکەشی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بە گشتی و ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەتایبەتی دەکات لەئاست پێویستی و داواکارییەکانیان نییە، پێویستە پێداچوونەوە بۆ ئەم پرسە بکرێت، وەزارەتەکانی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی دارایی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لەم ئاستەدا.

3- پێشنیارەکانی توێژینەوەکە :

توێژەران لەئاکامی توێژینەوەکەیاندا بە ناونیشانی(کێشەکانی ڕەگەزی مێینەی خاوەن پێداویستی تایبەت لەکۆمەڵگەدا- توێژینەوەیەکی چۆنایەتییە لە پارێزگای هەڵەبجەی )کۆمەڵێك پێشنیار ئاراستە لایەن و کەس و توێژەرانی پسپۆڕییە جیاوازەکان دەکەن. لە گرنگترینیان :

یەکەم: گەیشتن بە دەرەنجامی زانستی لەگۆشەنیگای جیاوازو توێژینەوەی فرە پسپۆڕییەوە یەکێك لە سیما دیارەکانی کاری زانستییە. بەشێوەیەك لەتەواوی پەنجەرەکانەوە لەو دیاردە یان گرفتە بکۆڵرێتەوە، ئەم ئەرکەش لەئەستۆی پسپۆڕانی دیکەی لە زانستە جۆراوجۆرەکان. ئەم هەنگاوە وادەکات لەزۆرترین لایەن و گۆشەنیگاوە کاربکرێت و دەرنجامەکان دەبنە یارمەتیدەر بۆ گۆڕینی کلتوری باوی کۆمەڵگاو باشترکردنی دۆخەکە .

دووەم: کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و ژنانی خاوەن پێداویستی تایبەت زیاتر خۆیان ڕۆشنبیر بکەن و ئاشنایەتی ماف و بنەما یاساییەکانیان هەبێت، ئەم هەنگاوە وادەکات خۆبەخۆ ببنە پارێزەری مافەکانیان و دوورکەوتنەوەیان لە جیاکاری و توندوتیژی.

سێیەم: ناوەندەکانی خوێندن و پەروەردە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە باشترکردنی دۆخ و گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، مامۆستایان لەم نێوەندەدا توانایيان دەبێت لە چاندنی بیری یەکسانی و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی لەخۆگر.

پەراوێزەکان:

کۆدکردن: شێوازێکە بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، بە شێوەیەک کە کۆدەکان بە کەمکردنەوەی قەبارەی دەقەکە لە ڕێگەی گواستنەوەی مانا پۆلێن دەکرێن و مەبەست لە کۆدکردن، لە شێوازی توێژینەوەی چۆنایەتی و زۆرجاریش لە میتۆدی بنەڕەتیدا دەرهێنانی تیۆرییە، بەڵام لێرەدا مەبەست لە کۆدکردن ئەوەیە، کە دووبارە داتاکان پێکەوە کۆبکرێنەوە بۆ لێکدانەوەیان(محەمەد پوور 2019.: 138)..

وتەزا: ئەم بۆچوونە باسی لە ستراتیژی شیکردنەوەی هاوردە چۆنایەتییەکان دەکات، کەوا هاوردە چیرۆکییەکان بەوردی شیدەکاتەوە و پاشان ئەوانە بۆ بەرهەمهێنانی کاتیگۆری بەکاردەهێنێت و بە شێوەیەک ئاسانکاری بۆ بەراودکردن و تێگەیشتنی دیاردەکانی توێژینەوە دەکات و سەر لە نوێ ڕێک وپێکیان دەکاتەوە (هەمان سەرچاوە 2019.: 144).

سەرچاوەکان:


- ئەبراش، ئیبراهیم(2013) میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، وەگێرانی: دیدارئەبوزێد، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

- ترکی، ابراهیم محمد ( 2006)دراسات فی مناهج البحث العلمی ,دار الوفاو,اسکندریه,مصر,

- حسين، مدحت فؤاد فتوح (1996) الخدمة الاجتماعية,مدخل تكاملي ,الطبعة الثانية,دارنهضة العربية القاهرة, مصر

- السباعی ،بدرالدين (1985) مشكلة المراة العاملة التاريخی،دارفارابی ، بيروت، لبنان

- السنهوری ، عبدالمنعم يوسف (2009) خدمة الفرد الاكلينيكية نظريات و اتجاهات معاصرة، المكتب الجامعی الحديث، الاسكندرية ،مصر

- السود ، نومه محمد ( 2021. ) المشكالت اإلجتماعيه و النفسيه و الصحيه للمعافين ، الجزائر ، جامعه سرت ، كليه االداب ، مجله جامعه سرت للعلوم اإلنسانيه

- سوقي ، د.ممدوح محمد (2008) بحوث طتبيقية في مجالات خدمة الفرد,مكتب جامع الحديث,مصر

- سجادی، حميرا و فريشته طلوعی و هاوكارەكانی (2007) دختران و زنان دچار معلوليت جسمی- حركتی: نيازها و مشكلات ,مقاله پژوهشی ، دوره هفتم، شماره دووم، تابستان، تهران ، ايران

- شعبانی، سمانه ( 2021 ) خشونت خانگی عليه زنان دارای معلوليت و دسترسی به عدالت در نظام بين المللی. فصلنامه مطالعات حقوق عمومی، دوره ،51 شماره ،3 پاييز .ايران

- شفيق، احمد محمد( 2008) مناهج البحث العلمي الاسس و الاعداد، المكتب الجامعی الحديث، الاسكندرية ، مصر

- الخريشا ، علوج باجی (2009) المشكلات الاكاديميه واالجتماعيه والنفسيه التی تواجه طلبه كليه العلوم التربويه بجامعه مؤته فی االردن وعالقتها ، ببعث المتغيرات ، جامعه كليه التربيه ، جامعه عين شمس

- العدسانی ،هبه( ٢٠١٧ )تحليل بيانات البحث ا لنوعی : كبف احلل بينايات ، دراسه تحليليه، بغداد ، جامعه البغداد

- العزاوی ، سالم جاسم محمد( ٢٠١٧ ) البحث الكيفی فی العلاقات العامه ، دراسه تحليليه، بغداد ، جامعه البغداد

- العمر ، محمد خليل (2005) علم المشكلات الاجتماعيه ، الطبعه العربيه الاولی ، االصدار الثانی ، دار الشروق.- القبالی ،يحيی(2008) الاضطرابات السلوكية و الانفعالية، دار الطريق للنشر والتوزيع، عمان الاردن

- فليک، اووه ،١٣٨٨ ، درامدی بر تحقيق كيفی، ترجمەهادی جليلی، چاپ دووم، تهران: نشرانی

- الفواعير ، أحمد محمد (2014) المشكلات النفسيه و اإلجتماعيه و األكاديميه التی يعانی منها الطلبه ذوی اإلحتياجات الخاصه فی المرحله الجامعيه الملتقی الرابع عشر للجمعيه الخليجه لالعاقه الخدمات المقدمه للشباب ذوی االعاقه ، دبی ، اإلمارات العربيه المتحدة.

- قنوص ، صبحی محمد (2000) دراسات فی علم الاجتماع ، بيروت ، الطبعه الاولی ، دار النهضه العربيه.

- کاوه، محمد (2013) أسیب شناسی بیماری های اجتماعی(جلد اول)، نشر جامعه شناسان، چاپ اول، تهران، ایران

- كمال،طاريق،(2005) الاسرة و مشاكل الحياة العائلية، مؤسسة شباب الجامعة. الاسكندرية ، مصر

- گۆران (1999) منداڵ و ژن و ژینگە لە تەرازوی مافدا" چاپی یەکەم" سلیمانی

- محمود ، خالد صا لح ، (2009) مشكلات الممارسه المهنيه للخدمه الاجتماعيه بدور حضانه المعاقين ، مصر ، المكتب الجامعى الحديث.

- محەمەد پوور، ئەحمەد(2019) میتۆدناسی، سەرەتایەک لەسەر میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپ یەکەم، نشر لوگوس، قم، ایران

- مستە فا، سالم عبدالرحمن (2009) سروشتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ناوە ندی فێربوون، هە ولێر،

- منذورى ، خالد بن احمد عثمان (1428 هجريه) المشكلات النفسيه الاجتماعيه الاثر شيوعا وبعث السمات الشخصيه.

- المنصورى ، خالد احمد عثمان (2008) المشكلات النفسيه واالجتماعيه الاكثر شيوعا وبعث السمات الشخصيه لدى عينه من الطلبه رساله ماجستير غير منشوره ، كليه التربيه، جامعه ام القرى.

- هيشام عليان و اخرون (1987) الممحص في علم النفس التربوي ,الطبعة الثانية,عمان,الاردن,

- یاسای پەرلەمانی کوردستان، ڕوژنامەی (وقائعی)، یاسای ژمارە (22) سالێ (2011 ) ماف و ئیمتیازاتی کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی ، //www.kurdistan-parliament.org

- Hosseini N. 2014 [A look at four patterns in disability studies (Persian)]. Peyk-e Tavana.; -6(54):15.

- Kamali M. 2003, Iran F. [The review on rights of disabled children (Persian)]. Social Welfare Quarterly;

- Soltanifar M. 2013, Eftekhar P. [Portrayal of disability in feature films, based on disability models (Persian)]. Journal of Cultural Management; 7(21):77-94.

**Problems of females with disabilities in society**

**A qualitative in Halabja province**

**Abstract**

Individuals with disabilities encounter many different challenges from birth in all aspects of life, depending on the nature of society, The level of intelligence of individuals changes, In the Kurdistan Region, these challenges are particularly pronounced among females with disabilities in different proportions. The type of research is descriptive and qualitative analysis. utilizing interviews as the primary data collection method. Interviews were conducted with 10 female people with disabilities who were randomly selected. Content analysis was used to analyze the data. The findings of the study reveal that individuals with disabilities face many problems and obstacles, some inherent to their conditions and others due to social exposure, lack of awareness of society in general and inexperience in how to deal with them, such as the type of social relationships, ridicule and criticism of others, creating marriage relationships, criticism, marginalization and discrimination in their daily lives and ignoring their personal abilities and talents in terms of mentally having Stress, agitation, anger, sometimes depression, and sometimes fear, anxiety and lack of self-confidence in society due to the influence of others. And in terms of Economics individuals with disabilities face significant barriers, including The lack of adequate and appropriate job opportunities for people with disabilities, low family income and many of their needs are another problem, and the lack of any insurance for people with disabilities such as social and health insurance The lack of government assistance funds for the disabled is another problem.

Key concepts: (problem, disability, gender, society).